# ستراتیجی ئاساییکردنەوەی پرسە بە ئاسایشکراوەکان: فیدراڵیزم یان فرەکولتووری زامنی پاراستنی ئاسایشی ناسنامەیی (کەمە) نەتەوەییەکانە؟



زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١٣٨

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Terrorism & Security Studies TSS

# ستراتیجی ئاساییکردنەوەی پرسە بە ئاسایشکراوەکان: فیدراڵیزم یان فرەکولتووری زامنی پاراستنی ئاسایشی ناسنامەیی (کەمە) نەتەوەییەکانە؟

هاوڕێ حەسەن حەمە

١٣٨ زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

Kurdistan conflict and Crisis Research Center


مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©



www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

@KCCRC1



٢٠٢١

# ستراتیجی ئاساییکردنەوەی پرسە بە ئاسایشکراوەکان: فیدراڵیزم یان فرەکولتووری زامنی پاراستنی ئاسایشی ناسنامەیی (کەمە) نەتەوەییەکانە؟

هاوڕێ حەسەن حەمە

## پێشەکی

لەدیدی توێژەرانی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە، پرۆسەی بەئاسایشکردن (Securitization)، دروستکردنی هەڕەشە و دواتریش ڕووبەڕووبوونەوەی لەڕێگەی ئامرازە توندوتیژەکانەوە، پرۆسەیەکی نەرێنییە. لەبەرئەوەی پرۆسەی بە ئاسایشکردن دژی بنەماکانی دیموکراسییە، چونکە لەپرۆسەی بە ئاسایشکردندا پرسەکان لەڕێگەی هێز و بەکارهێنانی هێزەوە چارەسەر دەکرێن، نەک بەشێوازە دیموکراسییەکانی وەک دانوستان و گفتوگۆکردن، لێرەشەوە ئامراز و میکانیزمە سەربازییە توندوتیژەکان (چەک و فیشەک) جێگەی گفتوگۆ و دانوسنان دەگرنەوە(١). دەرئەنجام، پرۆسەی بەئاسایشکردن پرۆسەیەکی نەرێنییە، بەو پێیەی کە پرۆسەکە پێچەوانە و دژە بە بنەما دیموکراسییەکان. بەم هۆیەوە لایەنگرانی قوتابخانەی کۆپنهاگن پێشنیازی چەمکی بە نائەمنیکردن-ئاساییکردنەوەی پرسە بە ئاسایشکراوەکان- (De-securitization) دەکەن لەبەرامبەر چەمک و ستراتیجی بەئاسایشکردندا. چەمکی بە نائەمنیکردن- ستراتیجی ئاساییکردنەوەی پرسە بە ئاسایشکراوەکان لە سادەترین پێناسەیدا واتە: گەڕاندنەوەی پرسە بەئاسایشکراوەکان بۆ نێوکایەی ئاسایی سیاسەت، واتە پرسە بە ئەمنیکراوەکان پێویستە لە پرسێکی سەروو سیاسەت و بە ئەمنیکراوەوە بگەڕێنرێنەوە بۆ پرسێکی ئاسایی و لە چوارچێوەی سیاسەتی ئاساییدا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، ئەمەش لەڕێگەی ئەوە دەبێت ئەو پرس و بابەتانەی کە وەک هەڕەشە دروستکراون پێشاندراون، پێچەوانە بکرێنەوە و چی تر وەک مەترسی و پرسی ئەمنی سەیرنەکرێن(٢). بە کورتی، بە نائەمنیکردن تەواو پێچەوانەی پرۆسەی بە ئەمنیکردنە(٣). لەم نووسینەدا هەوڵدەدەین چەمکی بە نائەمنیکردن ڕوونبکەینەوە و باس لەو هەنگاو و میکانیزمانە بکەین کە پێویستن بۆ گێڕانەوەی پرسە بەئەمنیکراوەکان بۆ پرسێکی ئاسایی و نائاسایشی. بەتایبەتی، تیشکدەخەینە سەر ستراتیجی بە نائەمنیکردنی ناسنامەی پێکهاتە (کەمە) نەتەوەییەکان. پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە چۆن دەکرێت ناسنامەی پێکهاتە کولتووریی و (کەمە) نەتەوەییەکان لەپرسێکی ئاسایشییەوە بگۆڕدرێت بۆ پرسێکی ئاسایی؟ ئایا دەکرێت هەمان ستراتیجی ئاساییکردنەوەی ناسنامەی بە ئەمنیکراوی کۆچبەر بەکاربهێنرێت بۆ ئاساییکردنەوەی ناسنامەی بە ئەمنیکراوی کەمینەکان؟ ئایا دەکرێت ناسنامەی کەمە نەتەوەییەکان بە تەواوی بخرێنە دەرەوەی بۆکسی ئاسایش و وەک پرسێک لەکایەی سیاسەتی ئاساییدا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت؟

## ئایا پرۆسەی بەئەمنیکردن باشە یان خراپ؟

پێش ئەوەی باس لە پرۆسەی بە نائەمنیکردن بکەین، گرنگە باس لەوە بکەین کە بۆچی لایەنگرانی قوتابخانەی کۆپنهاگن لەدژی ئەوەن پرسەکان بە ئەمنی بکرێن، بۆچی پشتیوانی ئەوە دەکەن پرسە بە ئەمنیکراوەکان جارێکی تر پێویستە بە نائەمنی بکرێنەوە. زۆر بەسادەیی لایەنگرانی

قوتابخانەی کۆپنهاگن، بەتایبەتی ئۆلی وەیڤە، لە دژی پرۆسەی بە ئەمنیکردنن لەبەرئەوەی پرۆسەی بە ئەمنیکردن پرۆسەیەکی نادیموکراسییە و دژی بنەماکانی دیموکراسییە(٤). بەبۆچوونی پاوڵ ڕۆ دوو ئارگۆمێنتی سەرەکی هەیە لە ئەدەبیاتی قوتابخانەی کۆپنهاگندا بۆ ڕەتکردنەوە و نەخوازراوی پرۆسەی بە ئەمنیکردن. ئارگۆمێنتی یەکەم، پەیوەندی بە پرۆسەی بە ئەمنیکردنەوە هەیە، لێرەدا فۆکەس بەشێوەیەکی سەرەکی دەخرێتەسەر وەزیفەی تەواوی دیموکراسی، ئەم ئارگۆمێنتە لەسەر ئەو بنەمایە وەستا کە دەڵێت پرۆسەی بە ئەمنیکردن، ئەگەر بە تەواوەتی ئاشکرایی و کراوەیی و بەرپرسیارێتی کە ڕۆڵی یاسادانەری (پەرلەمان) دیاری دەکەن لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا لەناوی نەبات، ئەوا تووشی شێواندنی دەکات. نەخوازراوی پرۆسەی بە ئەمنیکردن لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە سیاسەتی بە ئەمنیکردن دەرئەنجامی شکستهێنانە لەوەی کە بتوانرێت لەچوارچێوەی سیاسەتی ئاساییدا مامەڵە لەگەڵ پرسەکاندا بکرێت. لەحاڵەتی ئاساییدا دەبێت پرسەکان لەچوارچێوەی ڕۆتیناتی ئاساییدا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. سیاسەتی ئاسایی ئەوەیە کە پرسەکان بەپێی پرۆسەی ئاسایی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، لە دەوڵەتە دیموکراسییەکاندا، دروستکردنی بڕیار و سیاسەت بەپێی میکانیزمە دانراوەکان دەبێت. ڕێوشوێن و میکانیزمەکان بە تایبەتمەندی دیبەیت و ڕاگۆڕینەوە جیادەکرێنەوە. پرۆسەی دروستکردنی بڕیار پرۆسەیەکی ئاشکرایە، بەو مانایەی کە دەسەڵاتی یاسادان و دامەزراوەکانیتر توانای لێکۆڵینەوەیان هەیە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن. بەڵام پرۆسەی بە ئەمنیکردن، وەک ئەوەی لەلایەن تیۆری قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە تیۆریزەکراوە، دەخوازێت شتەکان بەخێرایی بڕیاریان لەبارەوە بدرێت. لەبەرئەوەی ئەوە مانەوەمانە کە لەژێر هەڕەشەو مەترسیدایە، ئەگەر ئێستا شتێک لەو بارەیەوە نەکەین دواتر کار لە کار دەترازێت و پەشیمان دەبینەوە لەوەی کە بەخێرایی ڕووبەڕووی ئەو مەترسییە نەبووینەتەوە.

لێرەوە بە ئەمنیکردن خێرایی بە دامەزراوەیی دەکات لەبەرامبەر خاووخلیچکی ڕێژەیی سیاسەتی ئاساییدا. لەمبارەیەوە جێف هیوسمانس دەڵێت:

ڕیزپەڕی «حاڵەتی لەناکاو» نوێنەرەکان دەخاتە ژێرگوشارەوە بۆ ئەوەی بەخێرایی بڕیار بدەن. کاردانەوە ئاساییشییەکان بەتایبەتی لەدوای ڕووداوە

**پرۆسەی بەئاسایشکردن پرۆسەیەکی نەرێنییە، بەو پێیەی کە پرۆسەکە پێچەوانە و دژە بە بنەما دیموکراسییەکان**

گەورەکانی وەک ڕووداوەکانی ١١ سێپتەمبەرەوە، بەزۆری پێویستی بە ڕێوشوێنی ڕووبەڕووبونەوەی خێرایە. پێویستی و داواکارییەکان بۆ خێرا ولامدانەوە نەک تەنها ئەگەری بوونی گفتوگۆ و ڕا ئالوگۆڕکردن و بیروبۆچوونی جیاواز دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو پشتیوانی بەهێزکردنی حکومەت دەبن و جیاوازی بیربۆچوون و ناکۆکیەکانیش کۆتایی پێدەهێنێت. بەم شێوەیە پرۆسەی بە ئەمنیکردن پرۆسەیەکی نەرێنییە، لەبەرئەوەی زیان بە پرۆسەی دیموکراسی دەگەیەنێت، کۆتایی بە بنەمای حکومەتی بەرپرسیار و شەفاف دەهێنێت، چونکە دامەزراوە یاسایی و دادوەرییەکان ناتوانن لێکۆڵینەوە لە حکومەت و بڕیار و سیاسەتەکانی بکەن لەم دۆخەدا(٥). دووەم، لەڕووی دەرئەنجامەوە بۆ لایەنگرانی قوتابخانەی

کۆپنهاگن، بەتایبەت بەبۆچوونی ئۆلی وەیڤە، بە ئەمنیکردن کەمتر کاریگەرە بەراورد بە ستراتیجی بە نائەمنیکردن لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا. بە مانایەکی تر وەیڤە پێیوایە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسەکاندا لەچوارچێوەی سیاسەتی ئاساییدا زیاتر کاریگەری هەیە وەک مامەڵەکردن لەگەڵ پرسەکان لەچوارچێوەی ئاسایشیدا. بەڵام ڕینا فلۆید پێیوایە هەر بڕیاردانێک لەبارەی ئەوەی ئەرێنی بوون و نەرێنی بوونی پیادەکردنی سیاسەتی ئاسایی، یان سیاسەتی نائاسایی زیاتر پەیوەندیدارە بە جۆرێتی

> **تەنها لەڕێگەی فیدراڵیزمی فرە نەتەوەییەوە دەتوانرێت پرسی بە ئەمنیکردنی مافی کەمە نەتەوەییەکان یان ئاسایشی ناسنامەیی ئیدارە بدرێت**

پرسەکەوە(٦). بەم هۆیەوە کلاودیا ئاراداو پێیوایە ئاسایش و پرۆسەی بە ئەمنیکردن لەڕووی ئەخلاقییەوە کێشەیەکی گەورەی هەیە، ئەویش برییتیە لە براوە و دۆڕاوەکانی ئاسایش، ئەوانەی ئاسایشیان هەیە و ئەوانەی بێ ئاسایشن. لێرەوە بە هەموو شێوەیەک پرۆسەی بە ئەمنیکردن ڕەتدەکانەوە، چونکە دەرئەنجامەکەی گوتاری ئێمە و ئەوان، دۆست و دووژمن بەرهەم دەهێنێت. لەمەش زیاتر، پرۆسەی بەئەمنیکردن جۆرێکە لە سیاسەت کە «خود» دەبێت لەسەربنەمای دووژمنایەتی پێناسە بکرێت(٧).

دەرئەنجام، لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە پرۆسەی بە ئەمنیکردن نەخوازراوە لەبەرئەوەی پرۆسەیەکە پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسییە، کەمتر کاریگەرە بەراورد بە سیاسەتی ئاسایی و لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی ئەخلاقییەوە پرۆسەیەکی خوازراو نییە، چونکە هەمیشە ئاسایش بۆ لایەنێک لەسەر حسابی لایەنەکەی تر دەستەبەردەکات(٨).

### چەمکی بە نائەمنیکردن (De-securitization)

قوتابخانەی کۆپنهاگن، بەتایبەت ئۆلی وەیڤە سێ بژاردەی سەرەکی دەخاتەڕوو بۆ گۆڕینی پرسەکان لە پرسێکی بە ئەمنیکراوەوە بۆ پرسێکی بە نائەمنیکراو. یەکەم، ستراتیجێکی پێشمەرجە، ئەویش برییتیە لەوەی پێش هەموو شتێک بەهیچ شێوەیەک نابێت قسە لەبارەی پرس و بابەتەکانەوە بکرێت لە ڕوانگەیەکی ئاسایشیانەوە. واتە نابێت لەڕوانگەیەکی ئاسایشیانەوە گوزارشت لە پرس و کێشەکان بکرێت، نابێت پرس و بابەتەکان بکرێن بە بەشێک لە پرس و بابەتی ئاسایشی. دووەم، دەبێت بەشێوازێک مامەڵە و ئیدارەی پرسە بە ئەمنیکراوەکان بکرێت کە سەرنەکێشێت بۆ دروستبوونی گێژاوی ئاسایشی. سێهەم بژاردە، پێویستە پرسەکان بگەڕێندرێنەوە بۆ کایەی «سیاسەتی ئاسایی»(٩). لەگەڕان بەدوای دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ پرۆسەی بە ئەمنیکردنی کۆچبەر، جێرفی هیوسمانس لە نووسینەکەیدا بەناونیشانی « Migrants as a Security› Problem: Dangers of «Securitizing» Societal Issues‹» سێ ستراتیجی سەرەکی دەخاتەڕوو بۆ جێبەجێبوونی پرۆسەی بە نائەمنیکردن. ستراتیجی یەکەم، بەبۆچوونی هیوسمانس لێرەدا هەوڵدەدرێت باوەڕ بەخەڵک بهێنرێت کە کۆچبەر مەترسی نییە و بەشێک نییە لە کێشەی ئەمنی، هیوسمانس ئەم ستراتیجە ناودەبات بە (objectivist strategy). ئەم تێگەیشتنە بێلایەنانە بۆ ئاسایش گریمانەی ئەوە دەکات ئاسایش ناوەرۆکێکی ڕاستەقینەی هەیە کە دەکرێت دیاری بکرێت ئەگەر بێتو بە

ورياییەوە تەماشای بکرێت. ئەوانەی کە لەدژی بە ئەمنیکردنی کۆچبەرن، پێیانوایە کۆچبەر بەشێک نییە لەو ناوەڕۆکە ڕاستەقینەی کە ئاسایش هەیەتی، بەمانایەکی تر کۆچبەر بە مەترسییەکی ڕاستەقینە دانانرێت. دەرئەنجام، کێشەی ئاسایشی کۆچبەر کێشەیەکی دروستکراو و هەڵبەستراوە، نەک خۆی لەخۆیدا کێشەیەکی ڕاستەقینە بێت، تەنها لە بیروهۆشی خەڵکدا بوونی هەیە. لێرەوە لایەنگرانی ئەم دەروازەیە هەوڵدەدەن باوەڕ بە خەڵک بهێنن کە کۆچبەر هەڕەشە و مەترسییەکی ڕاستەقینەی ئاسایشی نییە. ئەمە دەکرێت لەڕێگەی ئەو ئامار و ئارگۆمێنتانەوە بێت کە پشتیوانی ئەوە دەکەن کۆچبەر «کار و پیشەی ئێمە زەوت ناکەن»، بەڵکو ئەوان بەشدار دەبن لە دەوڵەمەند کردن و سەرمایەی کۆمەڵگەدا. بەبۆچوونی هیوسمانس ئەم ستراتیجییە لایەنێکی مەترسیداری خراپی هەیە لەو ڕووەوەی کەوا لەگەڵ ئەوانەی کە هەوڵی بە ئەمنیکردنی کۆچبەر دەدەن دوو ڕووی دراوێکن. هەروەکو ئەوانەی کە هەوڵی ئەوە دەدەن کە پرسی کۆچبەر بخەنە چوارچێوەی پرسی ئاسایشییەوە و بە ئاسایشی بکەن، لایەنگرانی ئەم دەروازەیە جارێکی تر جیاوازی و جیاکاری کۆچبەر و نیشتمانی (بێگانە لە بەرامبەر هاونیشتمانی) بەرهەم دەهێنێتەوە. بەپێچەوانەی پشتیوانانی بە ئەمنیکردنی کۆچبەر، لایەنگرانی ئەم دەروازەیە بانگەشەی ئەوە دەکەن کۆچبەر مەترسی نییە و بەم هۆیەوە هیچ پاساوێک نییە بۆ ئەوەی ڕگەزپەرستیان بەرامبەر ئەنجامبدرێت، بەڵام لایەنگرانی ئەم دەروازەیە هاوشێوەی پشتیوانانی بە ئەمنیکردنی کۆچبەر لەو تایبەتمەندییەدا هاوبەشن کە کۆچبەر وەک نامۆیەک سەیردەکات، کە خاوەن کولتوورێکی یەکگرتوو بێت. لێرەوە ئەم ستراتیجە بەڵگە و بانگەشەکانی لایەنگرانی بە ئەمنیکردنی کۆچبەر بەهێز دەکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیان. بەکورتی هەردوو دەروازەکە کۆچبەر وەک ئەوی تر دەبینن، کە لەڕووی کولتوورییەوە جیاوازە لە ئێمە. هیوسمانس پێیوایە ئەم کێشەیە بە دوو ستراتیجەکەی تر چارەسەر دەبێت.

ستراتیجی دووەم، هیوسمانس ئەم ستراتیجە ناودەنێت بە ستراتیجی (The constructivist strategy)، لایەنگرانی کۆنسترەکتیڤیزم هاوشێوەی لایەنگرانی دی-کۆنسترەکتیڤیزم ئاسایش وەک شتێکی ڕاستەقینە نابینن، کە شتێک، یان ئەنێک بێت لەدەرەوەی جیهاندا بوونی هەبێت و پێویست بێت گەڕان و پشکنینی بۆ بکرێت لەدەرەوەی جیهان. بەپێچەوانەوە، ئاسایش وەک بوونێکی کۆمەڵاتیانە دەبینن، کە ئەمەش خۆی بۆخۆی مانای وایە کە ئاسایش شتێکە لەڕێگەی مومارەسە کۆمەڵایەتییەکانەوە دروستبووە لە ژینگەیەکدا کە بەپێی کات و شوێن دەگۆڕێت. لێرەوە، ئاسایش شتێکی جێگیر و نەگۆڕ نییە، بەڵکو بەتەواوەتی لەهەناوی گۆڕاوەکانی مومارەسە کۆمەڵایەتییەکانەوە دروستبووە. ئەم دەروازەیە هەوڵدەدات لەوە تێبگات کە چۆن پرۆسەی بە ئەمنیکردن ئیش دەکات: «ئێمە دیراسەی ئاسایشی کۆمەڵگایی-ئاسایشی ناسنامە ناکەین، بەڵکو دیراسەی ئەوە دەکەین کە چۆن ئاسایشی کۆمەڵگایی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دروستبووە». چۆن لە ژینگە و چوارچێوەیەکی دیاریکراودا پرسە دیاریکراوەکان بە ئاسایشی دەکرێن؟ چی دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵانیانەی ئاسایشی کۆمەڵگایی؟ ئەم پرسیارانە ئەو پرسیارانەن کە دەروازەی کۆنسترەکتیڤیزم دەیەوێت وڵامیان باتەوە. بەم شێوەیە دەبێت فۆکەس بخرێتە سەر ئەو هێزانەی کە دەبنە هۆکار و بەرهەمهێنانی گەمە ئاسایشییەکان و دووبارە دروستکردنی ئەو دۆخەی کە کۆچبەر وەک مەترسی دەبینرێت لەو گەمەیەدا. کاتێک توێژەرێک لەو هۆکارانە تێگەیشت کە گەمە و شانۆی ئاسایشی دروستدەکەن لە بارودۆخێکی دیاریکراودا، دەتوانێت هەوڵی ئەوە بدات چارەسەری گونجاو دابڕێژێت بۆ خستنەدەرەوەی کۆچبەر لە بۆکسی ئاسایشدا، زەمینەی گونجاو بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی چی تر کۆچبەر وەک مەترسی ئاسایشی سەیرنەکرێت. لەم ستراتیجەدا، جیاکاری کۆچبەر/نەتەوەیی دووبارە

بەرهەم ناهێنرێنەوە، لەبەرئەوەی ئەم تیۆرە باوەڕی بەو زاراوانە نییە، بەڵکو هەوڵدەدات لەوە تێبگات کە چۆن ئەو جیاکارییە دروستبووە لەپێناو ئەوەی کە کۆتایی پێبهێنێت. ئەم ستراتیجە لەسەر ئەو جیاکارییە دروستبووە لەنێوان تێگەیشتن و ئیدارەدان. سەرەتا پێویستە لە هۆکارەکان تێبگەین، دواتر دەبێت چارەسەری ئەو پرۆسەیە بکەین. بەبۆچوونی هیوسمانس ئەم ستراتیجییە کۆمەڵێک کێشەی هەیە. یەکەم، مومارەسە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە کراوەن بۆ گۆڕان، هەروەها هۆکار و گۆڕاوەکان هەمیشە پەیوەستن بە بارودۆخەوە. دەرئەنجام، جیهانی کۆمەڵایەتی دەشێت بگۆڕێت کاتێک کە پرۆسەی چارەسەرکردن دەستپێدەکات، لەبەرئەوە تێگەیشتن لەپرۆسەکە ڕەنگە هەڵەی تێبکەوێت. دووەم، هەر تێگەیشتنێک لەپرۆسەکە هەمیشە تێگەیشتنێکی تەواو نابێت، بەڵکو تێگەیشتنەکە تێگەیشتنێکی نیمچە ڕاست دەبێت لە جیهانی کۆمەڵایەتی. بەم هۆیەوە، جیهان دەبێت بە شتێکی نالۆژیکی لەڕوانگەی لۆژیکێکی نیمچە دروستی ئەو مەعریفەیەی کە دروستی کردووە. دەروازەی دی-کۆنسترەکتیڤیزم هەوڵدەدات ئەم کێشەیە چاسەر بکات. سێهەم ستراتیجی ستراتیجی دی-کۆنسترەکتیڤیزمە (de-constructivist strategy)، لە ڕوانگەی ئەم ستراتیجییەوە مرۆڤ لەدەرەوەی جیهانەوە سەیری جیهان ناکات، بەڵکو بەتەواوەتی لەناوەوە سەیری دەکات. مرۆڤ چیرۆک دروستدەکات کە پێیوایە لە ڕێگەی چیرۆک دروستکردنەوە بەشداری دەکات لە دورستکردن و دووبارە دروستکردنەوەی ئەو جیهانە کۆمەڵایەتییەی کە هەیە، دروستکردن یان گێڕانەوەی چیرۆک وەک ڕفتارێک سەیردەکرێت لەناو جیهانەدا کە یارمەتی دروستکردنی ئەو جیهانە دەدات. ئەم ستراتیجییە لەسەر ئەو بنەمایە بوونیاتنراوە کە پێیوایە چیرۆکێک دروستبکە و جیهان کۆنترۆڵ بکە. بۆ بە نائەمنیکردنی کۆچبەر، داماڵین لە ناسنامە- یەکێکە لەو شێوازانەی کە ئەم ستراتیجییە پشتیوانی دەکات. ئەمە دوو ڕەهەندی هەیە: یەکەم، جیهان لەو ڕووەوە ڕاڤە دەکات کە بەشێوەیەکی دەستکرد و بیناو یەکگرتوویی کۆچبەری دروستکردووە. ئەمەی کە هەیە دەیخاتە ژێر پرسیارەوە لەڕێگەی پێشاندانی ئەوەی کە چۆن ئەو یەکگرتووییەی کۆچبەر لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیانە و بەدرێژایی مێژوو لەلایەن پارتی فەرمانڕەواوە دروستکراوە. لێرەدا هەوڵدەدرێت ئەو مەترسییەی کە دروستکراوە لەڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆکێکی جیاوازترەوە هەڵبوەشێنرێتەوە. بۆ نموونە، لەبری ئەوەی کۆچبەر وەک مەترسی وێنا بکرێت، هەوڵدەدرێت کۆچبەر وەها پێشانبدرێت کە کۆچبەر بەتەنها کۆچبەر نییە، بەڵکو ئەو کەسێکە کە خاوەنی چەندین ناسنامەیە- مامۆستایە، ژنە، بازرگانە، باوکە، کرێکارە، هتد.... کۆچبەر لێرەدا وانیشاندەدرێت کە ئەو هەر وەکو ئێمەیە، بەشێکە لە نەتەوەکەی ئێمە(١٠).

### چارەسەری کۆچبەر لەکەیسی ناسنامەی کەمینەدا سەرکەوتوو نابێت: فیدراڵیزم چارەسەرە

پرۆفیسۆر پاوڵ ڕۆ لەنووسینەکەیدا بەناونیشانی «Securitization and Minority Rights: Conditions of Desecuritization» بە ئەمنیکردن و مافی کەمینەکان: هەلومەرجەکان بۆ بەنائەمینکردن»، باس لەوەدەکات هیوسمانس بە ئاشکرا پێوەی دیارە کە پشتیوانی لە ستراتیجی دی-کۆننسترەکتیڤیزم دەکات. هەروەک باسکرا هیوسمانس دەڵێت ستراتیجی ئۆبجیکتیڤیست جیاکاری نەتەوە-بێگانە بەرهەدەهێنێنەوە، ئەم جیاکاریەش بەشێکی گرنگە لە پرۆسەی بە ئەمنیکردن، لێرەوە هیوسمانس پشتیوانی لەم ستراتیجییە ناکات. سەبارەت بە ستراتیجی کۆنسترەکتیڤیزم، هیوسمانس پێیوایە کە ئەگەرچی ئەم ستراتیجییە جیاکاری ئێمەو-ئەوان بەرهەم ناهێنێتەوە، بەڵام ئەم ستراتیجییە وەها مامەڵە لەگەڵ جیهاندا دەکات کە شتێکی نەگۆڕ بێت. بەبۆچوونی

ئەو مومارەسە و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە کراوەن بۆ گۆڕان، هۆکار و گۆڕاوەکانیشیان بەپێی کات و شوێن دەگۆڕێن. لێرەوە هیوسمانس پشتیوانی لە ستراتیجی دی- کۆنسترەکنیڤیزم دەکات. بەڵام، پاوڵ ڕۆ توێژینەوەکەی خۆیی تەرخانکردووە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم پێشنیارەی هیوسمانس لەکەیسی ناسنامەی کۆمەڵگەیی، یان کەمینەدا. بەبۆچوونی پاوڵ ڕۆ ئەم ستراتیجییە ستراتیجییەکی نەگونجاوە بۆ پاراستنی مافی کەمینەکان، لەم کەیسی کەمینەکاندا بەپێچەوانەی کەیسی کۆچبەرەوە، تایبەتمەندی ناسنامەیی، هاوبەشێتی (نەژادی و نەتەوەیی) وەک شتێکی باڵا تەماشا دەکرێت. پاوڵ ڕۆ لە نووسینەکەیدا بەشێوەیەکی سەرەکی سوودی لە کیمیلکا وەرگرتووە. کیمیلکا پشتیوانی لە پرۆسەی بە نائەمنیکردن دەکات، لەبارەی مافی کەمینەکانەوە ئەو دەنووسێت ئەگەرچی لەڕۆژئاوا بانگەشە و داواکارییەکانی کەمینەکان لەڕووی دادپەروەرییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت، بەڵام لەزۆربەی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ناوەڕاست مافی کەمینەکان لەڕووی ئاسایشییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت. پاوڵ ڕۆ بەشێوەیەکی سەرەکی باس لەوە دەکات مافی کەمینەکان بەزۆری پەیوەستە بە زمانی ئاسایشییەوە و لەچوارچێوەی ئاسایشدا گوزارشتی لێدەکرێت نەک دادپەروەری. مافی کەمینەکان مافی خاوەندارێتی کردنی ناسنامەیەکە، هێشتنەوە و پاراستنی ناسنامەی گرووپ لەپێش و سەرووی هەموو بنەمایەکەوەیە، کە پشتیوانی لە دەستەبەری مافی کەمینەکان دەکات. لەزمانی توێژەرانی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە، مافی کەمینەکان دەچێتەچوارچێوەی «ئاسایشی ناسنامەییەوە» ئاسایشی کۆمەڵگاییەوە. ئاسایشی کۆمەڵگەیی ئەگەرچی لەسەرتاوە وەک سێکتەرێکی ئاسایشی دەوڵەت تەماشا دەکرا، بەڵام دواتر باری بوزان و ئۆلی وەیڤە بۆچوونیان گۆڕا، وەک یەکەیەکی ئاسایشی مامەڵەیان لەگەڵ ناسنامەدا کرد. هاوشێوەی دەوڵەت کە چۆن ئەگەر سەروەریی لەدەستبدات چی تر ناتوانێت وەک دەوڵەت بوونی هەبێت، بەهەمان ئاراستە ئەگەر کۆمەڵگە ناسنامەکەی لەدەستبدات چی تر ناتوانێت وەک کۆمەڵگە درێژە بەژیانی خۆی بدات. لێرەوە، ئاسایشی دەوڵەت گرنگی دەدات بەو مەترسیانەی کەرووبەڕووی سەروەری دەوڵەت دەبنەوە، بەڵام ئاسایشی ناسنامەیی گرنگی دەدات بە هەموو ئەو مەترسیانەی کە هەڕەشەن بۆسەر ناسنامەیەکی هاوبەش(١١).

قوتابخانەی کۆپنهاگن پێناسەی کۆمەڵگاکان دەکات وەک گرووپە ئاینی و نەژادی و نەتەوەییەکان کە لەڕووی سیاسییەوە گرنگی خۆیان هەیە- ئەو قەوارانەی کە ناسنامەی هاوبەشیان هەیە و شانبەشانی دەوڵەت لە سیستمی نێودەوڵەتیدا ڕەفتار دەکەن، تەنانەت توانای تەحەداکردنی دەوڵەتیشیان هەیە. لێرەوە ئاسایشی کۆمەڵگەیی گرنگی دەدات بە هەر هەڕەشەیەک کە ناسنامەی ئەم قەوارانە بخاتەژێر مەترسییەوە. بەبۆچوونی باری بوزان هەڕەشەکان بۆسەر ناسنامەی کۆمەڵگەیی دەشێت لەڕێگەی گرتنبەری ئامرازی سەرکوتکەرەوە بێت لەدژی گوزارشت لەخۆکردنی ناسنامە، کە ئەمەش قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمان و ناو جلوبەرگ و داخستنی شوێنەکانی پەرستش و ناردنەوەو کوشتنی ئەندامانی کۆمەڵگە لەخۆ دەگرێت. لەڕووی بەرگریکردن لە ناسنامەیی کۆمەڵگەییەوە، قوتابخانەی کۆپنهاگن باس لەوە دەکات ئەو کۆمەڵگانەی کە لەژێر مەترسی و هەڕەشەدان، کاردانەوەیەکی ڕوون و ئاشکرایان لەبەرامبەر هەڕەشەکاندا دەبێت بەهێزکردنی ناسنامەی کۆمەڵگایی خۆیان بێت. ئەمەش دەکرێت لەڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازە کولتوورییەکانەوە بێت بۆ پاراستن و سەپاندنی یەکگرتوویی و یەکانگیری و پاراستنی تایبەتمەندییە جیاوازەکان، دڵنیابوون لەوەی کە کۆمەڵگە دەتوانێت دووبارە بەشێوەیەکی کاریگەر خۆی بەرهەمبهێنێتەوە. لێرەشەوە کولتوور دەبێت بە بەشێک لە سیاسەتی ئاسایشی. کاتێک نیگەرانییە ناسنامەییەکان لەبەرچاو دەگیرێت لە چوارچێوەی چەمکی بە ئەمنیکردندا، بەرگریکرن

لە ناسنامەی کۆمەڵگە لەڕێگای گوتارەوە دەبێت کە لایەنە بە ئەمنیکەرەکان بەکاریدەهێنن. بەم شێوەیە گوتاری ناسنامەیی کۆمەڵگەیی لەشێوەی زمانی هەڕەشەی وجودیدا دەردەکەوێت و بەزاراوەکانی ناسنامە گوزارشتی لێدەکرێت لەبری کۆمەڵگە. ئەو ئاکتەرانەی پرۆسەی بە ئەمنیکردن ئەنجامدەدەن بە گوزارشتی ئاسایشی قسەدەکەن، یان وەسفی مەترسی و هەڕەشەکان دەکەن بۆ سەر ناسنامەی گرووپەکە لەڕێگەی هاوماناکانی وەک «نیاچوون، لەناوچوون، مردن، کۆتاییهاتن هتد...بەم شێوەیە بە ئەمنیکردن لە سێکتەرەی ناسنامەدا گرنگی دەدات بە پێناسەکردنی ئێمە و ئەوان، هێشتنەوەی ناسنامەکەمان لەدژی ناسنامەی ئەوانی تر(١٢).

لێرەوە بۆ ئەوەی پرۆسەی بە نائەمنیکردن لە سێکتەری ئاسایشی کۆمەڵگەییدا جێبەجێ ببێت دەبێت زمانی پاراستنی ناسنامەی هاوبەش لە گوتارە و زمانی کۆمەڵگەدا بەشێوەیەکی کاریگەر کۆتایی پێبهێنرێت. لە ستراتیجی دی-کۆنسترەکتیڤیستی هیوسمانسدا، زمانی هاوبەشێتی، کۆچبەر، بە زمانی ئاکی کۆچبەر جێگەی دەگیرێتەوە. لێرەوە ناسنامەی نەرمی ئاکی کۆچبەر ڕێگەخۆشدەکات بۆ دەربازبوون لە جیاکاری ئێمەو/ئەوان. بەڵام لە کەیسی مافی کەمینەکاندا، گرنگی پاراستنی تایبەتمەندی جیاواز لەلای زۆرینە و کەمینە ڕێگە دەگرێت لە دەربازبوون لە جیاکاری ئێمە و ئەوان. لەم کەیسەدا زمانی ئاک ملکەچە بۆ زمانی کۆمەڵەکەی. بە مانایەکی تر چۆن دەکرێت پرۆسەی بە نائەمنیکردن جێبەجێ ببێت لەڕێگەی داماڵینی ناسنامەوە کاتێک کە زۆرینەوەو کەمینەکان بەزۆری تێدەکۆشن و خەبات دەکەن بۆ پاراستنی جیاکاریی و تایبەتمەندییەکانی خۆیان؟

پاول ڕۆ لەم بارەویەوە دەڵێت: لابردنی زمانی ئاسایشی لە پرسی مافی کەمە نەتەوەییەکاندا، بەشێوەیەکی جەوهەری واتە قسەنەکردن و بێدەنگبوون بەرامبەر تایبەتمەندییە جیاوازەکانی ئەو گرووپەوە. بەم شێوەیەش ئەمە بەواتای لەناوچوونی کۆتاییهاتنی ئەو گرووپە، «ناسنامە جیاوازەکەی دێت». مافی کەمینەکان پرۆسەیەکی « بوونە »، پرۆژەیەکی بەردەوامە کە یارمەتی کەمینە دەدات تایبەتمەندییە جیاوازەکانی خۆی بەرهەم بهێنێتەوە. ئەگەر بێت و ناسنەمەی کۆمەڵ ببێت بە شتێکی نا پێویست و پێویستی بە پاراستن نەبێت، ئەوا کەمینە کۆتایی دێت. بەم هۆیەوە بە نائەمنیکردنی مافی کەمینەکان لەڕووی لۆجیکیەوە نەگونجاوە لەو ڕووەوە قسەنەکردن سەبارەت بە ناسنامەمەکەیان، بەواتای لەدەستدانی ناسنامە جیاوازەکەیان دێت. لێرەوە پاوڵ ڕۆ دەگەڕێتەوە سەر چارەسەرەکەی کیمیلکا بۆ بە نائەمنیکردنی ناسنامەی کۆمەڵگەیی و وەک ستراتیجی ئۆبجیکتیڤیست وەسفی دەکات. پاوڵ ڕۆ باس لەوە دەکات ئەگەرچی کیملکا ئاڕادەیەک نادڵنیایە لەوەی کە چۆن پرۆسەی بە نا ئەمنیکردن بگیرێتەبەر، بەڵام ئەو باس لەوە دەکات یەکەمین هەنگاو دەبێت هەوڵدان بێت بۆ پرسی ئۆتۆنۆمی هەرێمی (سیاسی) و جیابوونەوە. ئەو تێبینی ئەوەی کردووە کە چۆن ئۆتۆنۆمی سیاسی دەکرێت جیابکرێتەوە لە جیابوونەوە: ڕازیکردنی دەوڵەتان بۆئەوەی ئۆتۆنۆمی سیاسی بخەنە ئەجێندایانەوە، لە هەمانکاتیشدا ڕێکەون لەسەر ئەوەی جیابوونەوە بابەتێکی شەرعی گفتوگۆی گشتی نییە. لەگەڵ ئەمەشدا کیملکا ئاماژەی بەوەدا ئەنانەت لەحاڵەتی بوونی کۆمەڵێک گەرەنتی، وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ناوەڕاست بەگومانەوە لە داواکاری ئۆتۆنۆمی سیاسی دەڕوانن، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە ترسیان لە ئۆتۆنۆمی سیاسی هەیە و پێیانوایە بەشێوەیەکی سروشتی سەرەکێشێت بۆ جیابوونەوە. لەڕاستیدا کیملکا پێشنیارێکی جیاوازی هەیە، وەک خۆی دەڵێت: «من پێموایە فیدراڵ دیموکراسی ئەگەری جیابوونەوە کەمدەکاتەوە«. لەمەش زیاتر، کیملکا دەڵێت: «ئێمە پێویستە بەرهەڵستی ئەو گریمانەیە بکەین کە پێیوایە ڕێگەگرتن لە جیابوونەوە دەبێت بکرێت بە ئامانجی یەکەمی دەوڵەت. ئێمە پێویستە پێشانی بدەین کە جیابوونەوە ئاوانێک نییە لەدژی مرۆڤایەتی. دەوڵەت و سنورەکانی دەوڵەت پیرۆز

نین. یەکەمین ئامانجی دەوڵەت پێویستە دیموکراسی و مافی مرۆڤ و دادپەروەری و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیەکانی بێت. لێرەوە بۆ بە نائەمنیکردنی مافی کەمینەکان، دەبێت ئەوە پەسەند بکرێت کە لەمەو پێش پەسەند نەکراوە: ڕەخساندنی دەرفەت لەڕێگەی فیدراڵی دیموکراسییەوە بۆ ئۆتۆنۆمی سیاسی و جیابوونەوە، بۆ ئەوەی مافی کەمینەکان ببێت بە بەشێک لە سیاسەتی ئاسایی و لەپرسی ئاسایشی دەربکرێت. لەڕۆژئاوا، هەروەک کیملکا دەڵێت، جیابوونەوە وەک هەڕەشەو مەترسی بۆسەر زۆرینە سەیر ناکرێت. بەڵام لە ڕۆژهەڵات جیابوونەوە وەها سەیردەکرێت وەک ئەوەی لەناوچوونی نەتەوەیی بەدوادا بێت. بۆ پاوڵ ڕۆ پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانرێت ئەو باوەڕە دروستبکرێت کە کەمینە لەڕاستیدا نابێتە سەرچاوەی مەترسی. لەڕوانگەی هیوسمانسەوە، ئەم ستراتیجیە بەڕوونی جیاکاری ئێمە و ئەوان بەرهەدەهێنێتەوە: هەروەک هیوسمانس دەڵێت: ئێمە دەبێت پەسەندی بکەین، وەک دۆخێکی ئاسایی، کە چی تر ئەوان نایەنەوێت لەگەڵ ئێمە بژین»، ئەمە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت کە کەمینە، هاوشێوەی کۆچبەر، وەک کولتوورێکی نامۆی یەکگرتوو دەمێنێتەوە. بەڵام بۆ ئەوەی تایبەتمەندی جیاوازی گرووپەکە بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە بەرهەمبهێنرێتەوە، ئەم جیاکارییە پێویستە بپارێزرێت. بەڵام مەترسی زیاتر ئەوەیە، هەروەک پاوڵ ڕۆ دەڵێت: ئەگەری زۆرە ئۆتۆنۆمی سیاسی و جیابوونەوە خزمەتی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی جیاکاری ئێمە و ئەوان نەکەن، بەڵکو مەترسی ئەوەی لێدەکرێت ئەم جیاکارییە بگۆڕێت بۆ گوزارشتەکانی دۆست و دوژمن، ئەمەش دەبێتە هەڕەشە بۆ دووبارە بە ئەمنیکردنەوەی دۆخەکە، نەک ئاساییکردنەوەی.

لێرەوە پاوڵ ڕۆ بانگەشەی ئەوە دەکات لەبری گۆڕینی پرۆسەی بە ئەمنیکردن (transformation) دەبێت بیر لە ئیدارەدانی (Management) پرۆسەی بە ئەمنیکردن بکرێتەوە. ئیدارەدانی مافی کەمینەکان بەمانای گەڕانەوەی پرسەکە نییە بۆ دۆخی سیاسەتی ئاسایی وەک ئەوەی قوتابخانەی کۆپنهاگن تیۆریزەی کردووە. بەڵکو دۆخەکە تایبەتمەندە بە بەکارهێنانی زمانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی. ئەوەی کە ئیدارەدان دەتوانێت بیکات ئەوەیە مافی کەمینەکان ئاسایی دەکاتەوە لەو ڕووی هەوڵدان بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان زۆرینەوەو کەمینە لەڕێگەی شێوازە دیموکراسییە لیبراڵیەکانەوە. بۆ ئەم ستراتجیە، قبوڵکردنێکی ڕوون و ئاشکرا هەیە کە هەردوولا، زۆرینەوەو کەمینە، بانگەشەو داواکاری ئاسایشی ڕەسەنی تایبەت بەخۆیان هەیە. پاوڵ ڕۆ دەڵێت: کەمینە دەتوانێت هەست بە ئاساش و سەلامەتی بکات ئەگەر کۆمەڵێک دەستبەری یاسایی هەبێت کە گەرەنتی وجوودی بکات لەڕووی ناسنامەییەوە، لە هەمان کاتیشدا زۆرینە ئەتوانێت هەست بە ئاسایش بکات بە زانینی ئەوەی کە کەمینە (لەڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵگاییەوە) لەچوارچێوەی ئێستای دەوڵەتدا دەجوڵێتەوە. بەم شێوەیە، جارێکی تر بە گەڕانەوە بۆ کیملکا، پاوڵ ڕۆ دەڵێت: بە دامەزراوەکردنی بونیادی دەوڵەتی فیدراڵ دیموکراسی فۆرمێکی خوازراوە نەک لەبەرئەوەی ئەگەری ئۆتۆنۆمی سیاسی و جیابوونەوە دەکاتە ئەگەرێکی ئاسایی، بەڵکو لەبەرئەوەی هەندێک میکانیزم دەستەبەر دەکات کە لەڕێگەیەوە پاساوی سیاسەتی لەناکاو لە هەردوو لاوە (زۆرینەو کەمینە) کەمدەکاتەوە(١٣).

کیملکا پێنج سوودی سەرەکی فیدراڵیزمی نەتەوەیی، یان فرەکولتووریی دەخاتەڕوو: یەکەم، ئەو پرسانەی کە پەیوەندییان هەیە بە کێبڕکێی نێوان ناسنامە نەتەوەییەکانەوە بەشێوەیەکی دوور لە توندوتژی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. دووەم، سیاسەتی نەژادی لەژێر پرۆسەی دیموکراسی ئاساییدا بەڕێوەدەچێت، بەمانایەکی تر، سیاسەتی نەژادی ملکەچە بۆ بابەتی هەڵبژاردن و دەنگدانە نەک فیشەک و چەک. سێیەم، پیادەکردنی فیدراڵیزمی فرەنەتەوەیی گەشەسەندنێکی بەرچاوی

بەخۆیەوە بینیوە لەڕووی ڕێزگرتن لە مافە سیاسی و مەدەنییەکان. چوارەم، پیادەکردنی فیدڕالیزمی فرەنەتەوەیی لەزۆربەی کەیسەکاندا خۆشگوزەرانی ئابووری بەدوای خۆیدا هێناوە. سوودی پێنجەم و کۆتایی، فیدڕالیزمی فرەنەتەوەیی هانی یەکسانی نێوان زۆرینەو کەمینە دەدات(١٤).

بەم شێوەیە، لەژێرکاریگەری کیملیکادا، پاوڵ ڕۆ لەوباوەڕەدایە تەنها لەڕێگەی فیدڕالیزمی فرە نەتەوەییەوە دەتوانرێت پرسی بە ئەمنیکردنی مافی کەمە نەتەوەییەکان یان ئاسایشی ناسنامەیی ئیدارە بدرێت.

دەرئەنجام، پاوڵ ڕۆ لەو باوەڕەدایە ناکرێت ناسنامەی کۆمەڵگەیی بەتەواوەتی بە نائەمنی بکرێت، دەکرێت ئیدارە بدرێت، ئیدارەدان واتە گرتنەبەری جۆرێکی تایبەت لە سیاسەت کە نەگاتە ئاستی بە ئەمنیکردن، سیاسەتێک کە لەسەر بنەمای گفتوگۆکردن، بیروڕا گۆڕینەوەو لێکنێکەیشتن بڕیاری لەسەر بدرێت، نەک لەسەر بنەمای نهێنی بوون(secrecy)، کپی (silence) و سەرکوتکردن(suppression)، ئەمەش دەکرێت لە چوارچێوەی سیستمی فیدراڵ دیموکراسیدا بێتە ئاراوە. بەبۆچوونی پاوڵ ڕۆ، کاتێک گێژاوی ئاسایشی دروست دەبێت، ئیدارەدان پەیوەندی هەیە بە کەمکردنەوە یان هێورکردنەوەی گێژاوەکە، نەک ئیشی ئیدارەدان بریتی بێت لەبنبڕکردن و نەهێشتنی ئەو گێژاوە. دەرئەنجام، دەکرێت بوترێت پاوڵ ڕۆ کەسێکی واقعیە لەو ڕووەوەی کە پێی وایە بە ئاسایشکردنی ناسنامەی کۆمەڵگە دەکرێت ئیدارە بدرێت، نەک بەتەواوەتی بیر لە بنڕکردن و نەهێشتنی پرۆسەی بە ئەمنیکردن بکرێت. بەمانایەکی تر، پاوڵ ڕۆ لەو باوەڕەدا نییە کە پرۆسەی بە نائەمنیکردن بتوانێت بەتەواوەتی زمانی ئاسایشی لەپەیوەندییەکانی زۆرینەو کەمینە بسڕێتەوە و بەتەواوەتی ناسنامە بە ئەمنیکراوەکان بگێڕێتەوە بۆ دۆخی سیاسەتی ئاسایی، ئەو دۆخەی کە نیگەرانی ئاسایشی تێدا غائیبە. لەگەڵ ئەمەشدا، پاوڵ ڕۆ پێیوایە، ئیدارەدانی پرۆسەی بە ئەمنیکردن ڕێگەدات بەو گرووپانەی کە خاوەنی ناسنامەی تایبەت بەخۆیانن تایبەتمەندییە ناسنامەییەکانی خۆیان بهێڵنەوەو بەرگری لێبکەن کاتێک کەوتنە مەترسییەوە. بەپێچەوانەوە، بە نائەمنیکردنی تەواوەتی ئاسایشی کۆمەڵگەیی گرووپێک بەواتای داماڵینی ئەو گرووپە دێت لە ناسنامەکەی(١٥).

**فرە کولتووری: ستراتیجێك بۆ بە نائەمنیکردنی ناسنامەی بە ئەمنیکراوی کەمینە**

مانی جونێلا لە توێژینەوەکەی دا بەناونیشانی Desecuritizing Minority Rights: Against Determinism، » بە نائەمنیکردنی مافی کەمینەکان: لەدژی حەتمیەت، بە توندی ڕووبەڕووی ئەو بانگەشەیەی پاوڵ ڕۆ دەبێتەوە کە پێیوایە ناکرێت لەڕووی لۆجیکیەوە مافی کەمینەکان بە نائەمنی بکرێت. بەبۆچوونی مانی جونێلا سروشتی فرەیی ناسنامە نەتەوەییەکان ڕێگەدەدات بە ستراتیجییەکی نوێ کە نە هیوسمانس و نە پاوڵ ڕۆ باسیان لێوەنەکردووە. ئەم ستراتیجییە دەکرێت بە ستراتیجی دووبارە بونیادنانەوە reconstructvisit strategy) ناوبرێت. ئەم ستراتیجییە نزیکە لە ستراتیجییە کۆنسترەکتیڤیستەکەی (بونیادییەکەی) هیوسمانس، بەڵام لەبری فۆکەس خستنەسەر پرۆسەی بە ئاسایشکردن، ئەم ستراتیجییە فۆکەس دەخاتەسەر یەکێک لەو پێکهێنەرانەی کە ڕێگەخۆشدەکەن بۆ پرۆسەی بە ئاسایشکردن: گوتاری جیاوازی ناسنامەو کۆمەڵگە سیاسیەکان. لەم ستراتجیەدا پرۆسەی بە نا ئەمنیکردن تەنها گرنگی نادات بەوەی کە چۆن مافی کەمینەکان بەهێز بکرێت. بە نائەمنیکردنی مافی کەمینەکان تەنها پەیوەندی نییە بە دروستکردنی دەرفەت بۆ ڕێکخستنەوەی مافی کەمینەکان لەسەر بنەمای مافەکانی مرۆڤ، بەڵکو پەیوەندی هەیە بە دروستکردنی دەرفەت بۆ بەستنەوەو گرێدانی پرسی مافی کەمینەکان بە هەوڵدانیان بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی سیاسی. لەبەرئەوەی پێناسەکانی کۆمەڵگەی سیاسی و ناسنامەکانیان هەرگیز کۆتایی و براوەنین، دەبێت دەرفەت

هەبێت بۆ سەرگوزشتەی نوێ یان بەهێزکردنی گوتارەکانی ئێستا کە کەمینەکان جیاناکەنەوە لە کۆمڵگەی سیاسی. ئەمەش بنەمای سەرەتایی بیرۆکەی فرەکولتوورگەراکانە. کەمینە دەبێت بەکێشە ئەگەر بێت و نوێنەرانی زۆرینە و کەمینە پشتیوانی و هانی ئەو ناسنامانە بدەن کە ناتوانن لە چوارچێوەی جوگرافیای دەوڵەتێکدا هەڵبکەن. کیملیکا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە ئەگەرچی دەوڵەتە لیبرال دیموکراسییەکان هەوڵدەدەن یەک ناسنامەی کولتووری بۆ کۆمەڵگە لە چوارچێوەی سنورێکی جوگرافیدا برەوپێبدەن، بەڵام ئەکرێت سیاسەتی حکومەت هانی بەردەوامی دوو ناسنامەی کولتووری یان زیاتریش بدات لە چوارچێوەی دەوڵەتدا. ئەم پشتیوانییە شێوەی جۆراوجۆر وەردەگرێت. دەکرێت پشتیوانی زمانی خوێندن و پەروەردەی کەمینەکان لەخۆ بگرێت، هەروەها بەکارهێنانی زمانی کەمینە لە ئیدارەی دەوڵەتدا، هێمای شەقام و میدیاکان، مافی ئاین و کولتووری، ئەنانەت دەکرێت مافی سیاسی و ئۆتۆنۆمیش لەخۆ بگرێت. لێرەوە، ئەگەر سیاسەتەکانی حکومەت لەبەر ڕۆشنایی بیرۆکەکانی فرەکولتوورگەراکان دەربچێت، ئەوا نوێنەرانی کەمینە نەتەوەییەکان پێویست ناکات ناسنامەی خۆیان بخەنە چوارچێوەی پرۆسەی بە ئاسایشکردنەوە لەپێناو هەبوونی هەندێک مافی تایبەتدا. دەرئەنجام، پرۆسەی بە نائەمنیکردنی مافی کەمینەکان پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە لە سیاسەتی یەک کولتووریی و برەودان بە بیرۆکەی سەردەستەبوونی نەتەوەیەک بۆ سیاسەتی فرە کولتووری. ئەگەر ئەم گۆڕانکارییە لە سیاسەت و جوڵەکاندا شانبەشانی گۆڕانکاری نەبێت لە گوتاری ناسنامەییدا، ئەکرێت پێشنی ئەوە بکەین سیاسەتە نوێکان بەردەوام نابن. ئەم ستراتیجییە جیاکاری ئێمەو ئەوان کۆتایی پێناهێنێت، بەم هۆیەوە دەکرێت جارێکی تر ئەم جیاکارییەی ئێمەو ئەوان سەربکێشێت بۆ بە ئەمنیکردنەوەی مافی کەمینەکان. لێرەوە، جوتێلا پێیوایە، بە نائەمنیکردنی مافی کەمینەکان ئەوە لەخۆ دەگرێت کە دەبێت کەمینەو زۆرینە بەشێوەیەک گوتارو سەرگوزشتەکانیان بگێرنەوە کە نەبێتەهۆی ئەوەی کە هیچ لایەکیان ئەویتریان بخاتە دەرەوەی چوارچێوەی کۆمەڵگەی سیاسییەوە. دەوڵەت وا پێشاندەدرێت کە دەوڵەتی دوو گرووپی نەتەوەیی و ئەزادی بێت یان زیاتر. بۆ گۆڕینی چیرۆکەکەو بەدەستهێنانی پشتیوانی بۆ وەها گوتارێکی نوێ دەشێت کارێکی قورس بێت- تەنانەت لەوانەیە لەڕووی پراکتیکییەوە ئەمە لە داهاتوویەکی نزیکدا کارێکی ئەستەم بێت - بەڵام هەمیشە داهاتوویەک هەیە لەدەرەوەی ئەوەی پێشبینی دەکرێت و دەبینرێت(١٦).

### وەڵامی پاوڵ ڕۆ بۆ جوتێلا

لە لێکۆڵینەوەکەیدا بەناونیشانی « Reconstructing Identities or Managing Minorities? Desecuritizing Minority Rights: A Response to Jutila»، پاوڵ ڕۆ بە وردی وڵامی ڕەخنەکانی جوتێلا دەداتەوە و بانگەشەی ئەوە دەکات کە جوتێلا شتێکی جیاوازتری لە چارەسەرەکەی ئەم پێشنیاز نەکردووە. لە نووسینەکەیدا پاوڵ ڕۆ بەم شێوەیەی خوارەوە وڵامی ڕەخنەکانی جوتێلا دەداتەوە. جوتێلا دەڵێت، پاوڵ ڕۆ ڕوون نییە لە جیاکاریکردن لەنێوان سیاسەتی ئاسایی (Normal Politics) و سیاسەتی حاڵەتی نائاسایی(Emergency Politics) . بە پشتبەستن بە ئۆلی وەیڤەر، پاوڵ ڕۆ بەم شێوەیە وڵامی جوتێلا دەداتەوە: «بە ئەمنیکردن لەڕاستیدا دەکەوێتە چوارچێوەی چالاکی سیاسەتەوە، (سیاسەت وەک چالاکی) نەک بواری سیاسەتەوە (نەک سیاسەت وەک کایە)، ئەم چالاکییە لە دەوڵەتە دیموکراسییەکاندا ڕوودەدات، هەروەک مایک ولیامس دەڵێت، بە ئەمنیکردن دەکەوێتە دەرەوەی « دیبەیتی گشتییەوە»، واتە ئەو کاتەی پرۆسەی بە ئەمنیکردن دەستپێدەکات، شوێنێک نامێنێتەوە بۆ دیبەیتی گشتی. لێرەوە، پاوڵ ڕۆ دەڵێت سیاسەتی ئاسایی تایبەتمەندە بە سێ پیتی دی لە زمانی ئینگلیزیدا ( Ds – discussion, debate deliberation) (گفتوگۆکردن، دیبەیت و

ڕادەربڕین و بیرورا گۆڕینەوە)، بەپێچەوانەوەی سیاسەتی ئاساییەوە، بە ئەمنیکردن یان سیاسەتی حاڵەتی لەناکاو بە سێ پیتی ئێس لە زمانی ئینگلیزدا جیادەکرێتەوە ئەوانیش : ,silence, secrecy and suppression، بێدەنگی و کش و ماتی، نهێنی بوون و سەرکووتکردن. ئەمەش واتە، سیاسەتی ئاسایی یان دۆخی ئاسایی ئەو دۆخەیە کە پرسەکان گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت لەڕێگەی گفتوگۆو دیبەیت و بیروڕاگۆڕینەوەوە دواجار بڕیاریان لەسەر دەدرێت. بەپێچەوانە، بە ئەمنیکردن ئەو دۆخەیە کە بە تایبەتمەندی نهێنی بوون و سەرکووتکردن و کش و ماتی جیادەکرێتەوە، پرسەکان بەنهێنی نەک لەڕێگەی گفتوگۆی گشتیەوە یەکلایی دەکرێنەوە، ئامڕازی سەرکوتکەری تێدا بەکاردێت لەژینگەیەکدا کە ناتوانرێت دەنگی ناڕازی بوون بەرزبکرێتەوە. دەرەنجام، بە پشتبەستن بە کیمڵکا، پاوڵ ڕۆ جارێکی تر باس لە پرۆسەی بە ئەمنیکردنی مافی کەمینەکان دەکاتەوە، کیملکا دەڵێت: « پەیوەندییەکانی نێوان کەمینەکان و دەوڵەت وەک پرسێکی ئاسایی دیموکراسی نابینرێت ئاوەکو گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت، بەڵکو وەک پرسێک دەبینرێت کە پەیوەندی هەبێت بە ئاسایشی دەوڵەتەوە، کە دەوڵەت دەبێت پرۆسەی دیموکراسی ئاسایی بەرنەسک بکاتەوە بۆ ئەوەی دەوڵەت بپارێزێت. لەم بارودۆخانەدا، خۆڕێکخستنەوەی کەمینە لەڕووی یاساییەوە بەرنەسک دەکرێنەوە. سەرکردەی کەمینەکان ئەشێت بخرێنەژێر چاودێریکردنی نهێنی پۆلیسەوە، بەرزکردنەوەی داواکاری تایبەت (نەتەوەیی) ئەشێت وەک نایاسایی سەیربکرێت، بگرە زیاتر لەمەش. بۆ ئەوەی مافی کەمینەکان لەچوارچێوە ئاسایشییەکەی دەربکرێت، دەبێت ئەوەی کراوە پێچەوانە بکرێتەوە، ڕێگە بە کەمینە بدرێت خۆی ڕێکبخات، چاودێری نهێنی ئاسایشی لەسەر سەرکردەی کەمینەکان هەڵبگیرێت، داخوازی و داواکارییەکانیان بە یاسایی بکرێت. دوو، پاوڵ ڕۆ دەڵێت جوێنلا بانگەشەی ئەوە دەکات کە گوایە من گریمانەی ئەوەم کردبێت پرسی کەمینە خۆی بۆخۆی بڕیار لە چارەنوسی پرۆسەی بە ئەمنیکردن دەدات، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە من پێموابووە زمانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی-ناسنامەیی زمانی مافی کەمینەکانە، بەواتایەکی تر، کەمینەکان بە زمانی ناسنامە گوزارشت لە مافەکانی خۆیان دەکەن. لێرەوە جوێنلا گەیشتووە بەو باوەڕەی کە من پێموابووە مافی کەمینەکان یەکسانە بە پرۆسەی بە ئەمنیکردن». پاوڵ ڕۆ دەڵێت: « من پێموایە مافی کەمینەکان پەیوەندی هەیە بە پاراستنی ناسنامەی جیاوازی ئەوانەوە، ئەمەش ڕاستەوخۆ وا لە کەمینەکان دەکات بەشوێن ئاسایشی ناسنامەیی خۆیانەوە بن. بەڵام، ئەمە مانای وانییە کە من پێموابووبێت لە هەر جێگەیەک پرسی ئاسایشی ناسنامەیی هەبێت ئەوا پرۆسەی بە ئەمنیکردن و سیاسەتی حاڵەتی لەناکاو هەیە. ئەگەرچی ئاسایشی ناسنامە گرنگی دەدات بە مەترسییە وجوودیەکان لەسەر ناسنامەی هاوبەش، بەڵام من پێموایە ئەگەر ئەم مەترسی و هەڕەشانە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە ئیدارە بدرێن ئەوا پاساوی گرتنەبەری سیاسەتی حاڵەتی لەناکاو لەلایەن کەمینەو زۆرینەوە کەمدەکاتەوە. پاوڵ ڕۆ دەڵێت هەرگیز من بانگەشەی ئەوەم نەکردووە کە مافی کەمینەکان یەکسانە بە بەئەمنیکردن، بەڵام بانگەشەی ئەوەم کردووە کە مافی کەمینەکان دەچێتەچوارچێوەی ئاسایشی ناسنامەوە-ناسنامەی کۆمەڵگەوە. لێرەوە پاوڵ ڕۆ هەرسێ چەمکە سەرەکیەکەی ئۆلی وەیڤەر دەهێنێتەوە بەرباس بۆ پێناسەکردنی دۆخی ئاسایشی کۆمەڵگە کە ئەوانیش بریتین لە (security, asecurity, insecurity)، insecurity واتە: دۆخێک کە بەشێوەیەک نیشاندەدرێت کە مەترسیدارو هەڕەشەئامێزبێت ، دۆخێک کە ئاکتەرێک ئامڕازی پێویستی نییە بۆ ئەوەی بەرگری لەخۆی بکات لەبەرامبەر ئەو مەترسی و هەڕەشانەدا، لێرەدا ئەو ئاکتەرە لە مەترسیدایە. Asecurity بەپێچەوانەی دۆخەکەی

پێشووەوە، حاڵەتێکە کە بابەتی هەڕەشەو مەترسی لە ئارادا نییە(ئاسایش بابەتی نیگەرانی نییە). بەڵام Securityئەو دۆخەیە کە وەها نیشاندەدرێت کە هەڕەشەو مەترسی تێدایە، بەڵام ئاکتەرەکە ئامرازی پێویستی هەیە بۆ ڕووبەڕوونەوەو مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو مەترسییە. لە کۆنتێکستی مافی کەمینەکاندا، حاڵەتەکە پەیوەندی هەیە بە ئاسایشی ناسنامەوە، پەیوەندی هەیە بە پاراستنی ئەو ناسنامە جیاوازەی کە کەمینە هەیەتی. بەڵام ئەگەر کۆمەڵێک دەستەبەرو زەمانی/یاسایی/ میکانیزم هەبێت پێشوەختە، ئاکتەرەکە ئەتوانێت ئامرازی پێویستی هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مەترسی و هەڕەشەکەدا. بەم تێگەیشتنە، ئەمە نموونەیەک نییە بۆ پرۆسەی بە ئەمنیکردن، لەبەرئەوەی سیاسەتی دۆخی لەناکاو پێویست نییە بگیرێتەبەر. لەگەڵ ئەمەشدا، لە وەڵامی جوئێلادا کە ئەپرسێت چۆن ئەکرێت کەمینە بە زمانی ئاسایشی ناسنامەیی قسەبکات لە حاڵەتی ئیدارەدانی پرۆسەی بە ئەمنیکردندا، لەکاتێدا بە تێگەیشتنی قوتابخانەی کۆپنهاگن بۆ ئاسایش، هیچ لایەکیش لەژێر مەترسی وجووددیدا نەبێت؟ جوئێلا دەنووسێت ئەم دۆخە دەکرێت بڵێین هێشتا ناپەتەمەندە بە زمانی جیاوازی، چەندین نموونەی زۆریش هەیە کە دوو گرووپی نەتەوەیی جیاواز پێکەوە بەشێوەیەکی ئاشتیانە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا دەژین. جوئێلا ئەنوسێت: پاوڵ ڕۆ پێیخۆش بێت یان نا نووسینەکەی وەک « جووڵەی بە ئەمنیکردن» دەرەکەوێت، ئەوەی کە هەمیشە کەمینە لەبارەی ئاسایشی خۆیەوە بدوێت بەوەی کە لەژێر مەترسی و هەڕەشەی زۆرینەدایە، یان بەپێچەوانەوە، واتە بۆ پاوڵ ڕۆ زمانی ئاسایشی ناسنامەیی تەنانەت لەدۆخی ئیدارەدانی پرۆسەی بە ئەمنیکردنی کەمینەدا هەر بەردەوامی دەبێت. پاوڵ ڕۆ بەنموونەیەک وەڵامی ئەم دەداتەوە: لە فەڕەنسا لە ساڵی ٢٠٠٣، جاک شیراک، سەرۆکی فەرەنسا، کۆمینەیەکی تایبەتی لەبارەی ئاینەوە دیاری کرد: کۆمینەی لێکۆڵینەوە لە جێبەجێکردنی پرەنسیپی لایسنە، یان کۆمینەی ستاسی. ئەم کۆمینەیە وەڵامی حکومەتی فەڕەنسی بوو بۆ ئەو شتەی کە فەرەنسا وەک مەترسی بە ئیسلامیکردنی وڵات دەیبینی. بەتایبەتی، کۆمینەکە بۆ چارەسەرکردنی پرسی سەرپۆش دامەزرابوو، ئەو مافەی کە ژنانی موسوڵمان لە فەرەنسا هەیانبوو لە قوتابخانەکانی دەوڵەتدا. ئەگەرچی لەچەک لەسەرکردن وەک هەڕەشەو مەترسییەک دەبینرا بۆسەر ناسنامەی نەتەوەیی فەرەنسا، جیاکردنەوەی کەنیسەو دەوڵەت و قەدەغەکردنی مومارەسەرە ئاینییە ئاشکراکان لە قوتابخانەکاندا، بەڵام ئەم سیاسەتەی حکومەت ناچێتە چوارچێوەی سیاسەتی حاڵەتی لەناکاو. لەبری بوونی بێدەنگی و کپکردن و نهێنی بوون و سەرکوتکردن، کاری کۆمینەی ستاسی لەڕێگەی گفتوگۆو دیبەیت و ڕاگۆڕینەوەوە ئەنجامدرا. لەنێوان مانگی جولایی و دیسەمبەری ٢٠٠٣دا، کۆمینەکە داوای بۆچوون و ڕاگۆڕینەوەی کرد لەگەڵ نوێنەرانی قوتابخانەو، گرووپەکانی ژنانی ناوخۆی وڵات و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و سەرکردە ئاینییەکان لە بەرەی موسوڵمانان و کاسۆلیکەکان، لەوانەش لەگەڵ لیژنەی نیشتمانی موسوڵمانانی فەرەنسا. ئەگەرچی پێشنیارەکانی کۆمینەکە بە ئاراستەی قەدەغەکردنی هەموو سیمبوڵە ئاینییەکان بوو لەوانەش سەرپۆش، بەڵام ئەم پرۆسەیە کە لەڕێگەیەوە یاساکەی ٢٠٠٤ لە پەرلەمانی فەرەنسا تەبەنی کرا ناکرێت بە پرۆسەی بە ئەمنیکردن پێناسەبکرێت. ئەگەرچی حکومەتی فەرەنسا بەروونی پرسەکەی وەک پرسێکی ئاسایشیی ناسنامەیی وێنا کردبوو، بەڵام خواستی ئەوەبوو کە لەچوارچێوەی بە ئەمنیکردندا مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسەدا نەکات. ئەمەش ئەوەیە کە من باسی دەکەم، کە دەکرێت پێی بوترێت جۆرێکی تایبەت لە سیاسەت کە لەنێوان بیرۆکەی سیاسەتی حاڵەتی ئاسایی و سیاسەتی حاڵەتی لەناکاوی قوتابخانەی کۆپنهاگندایە(نە سیاسەتی ئاساییەو نە سیاسەتی حاڵەتی لەناکاو). پاوڵ ڕۆ دوو تێبینی

KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

سەرەکی هەیە لەسەر ستراتیجییەکەی جونێلا. یەکەم، پاوڵ ڕۆ پێیوایە بیرۆکەی سیاسەتی فرە کولتووریی، لە دەرئەنجامیشدا بونیادە فرەکولتوورییەکان، بەدڵنیاییەوە دەکرێت لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا پیادەبکرێت هاوشێوەی ستراتیجییەکەی من. ستراتیجییەکەی جونێلا فۆکەس دەخاتەسەر دەستەبەرکردنی مافی کەمەنەتەوەییەکان لە ڕۆژئاوا نەک لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ناوەڕاست. دووەم، ستراتیجییەکەی جونێلا زۆر هاوشێوەی ئەو ستراتیجیەیە کە من بۆ ئیدارەدانی مافی کەمینەکان پێشکەشم کردووە. لەڕاستیدا ئەتوانم بڵێم ئەو هەلومەرجانەی ڕێگە بۆ فرەکولتووری خۆشدەکەن وابەستەن بە سەرکەوتنی پێشوەختەی ستراتیجی ئیدارەدانی مافی کەمینەکان. بەواتایەکی تر، پاوڵ ڕۆ پێیوایە بیرۆکەی فرە کولتووری کە لەلایەن جوینلاوە پێشنیازکراوە تەنها ئەو کاتە زەمینەی جێبەجێکردنی بۆ دەڕەخسێت ئەگەر بێت و بیرۆکەی ئیدارەدانی مافی کەمینەکان (فیدراڵیزم) سەرکەوتوو بێت. لەگەڵ ئەمەشدا، پاوڵ ڕۆ دانبەوەدا دەنێت کە جونێلا زۆر گرنگی بە دووبارە بوونیاتنانەوەی ناسنامە دەدات، بەڵام پاوڵ ڕۆ پێیوایە دووبارە دروستکردنەوەو بونیاتنانەوەی ناسنامە لەدوای ماوەیەکی کاتی ڕوودات دوای ئەوەی ئەو سیاسەتە تایبەتانە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە کاری خۆیان دەکەن. بەکورتی ستراتیجییەکەی پاوڵ ڕۆ جیاوازە لە ستراتیجییەکەی هیوسمان لەو ڕووەوەی کە پاوڵ ڕۆ پێوای وایە ستراتیجییەکەی هیوسمانس بۆ بە نائەمنیکردنی « تاکی کۆچبەر» لە ئەوروپا گونجاوە، ئەگەر بێت و پیادەبکرێت بەسەر ئەو گرووپانەی کە لەڕووی نەژادی و نەتەوەییەوە جیاوازن، ئەوا دەبێتەهۆی لەناوچوونی ئەو گرووپانە لەڕووی ناسنامەییەوە. لەبەرئەوەی بەبۆچوونی پاوڵ ڕۆ، گرووپە کۆمەڵگەییەکان هەمیشە بەزمانی ناسنامە/ ئاسایشی ناسنامەیی گوزارشت لە داواکارییەکانیان دەکەن، بە نائەمنیکردنیان و سەیرنەکردنیان وەک ئەوینر دواجار ئەوە دەسڕێنەوە کە ئەو گرووپانە لە هەوڵی ئەوەدان بیپارێزن « مافی هەبوونی ناسنامەی تایبەت بەخۆیان». لەلایەکی ترەوە، ستراتیجییەکەی پاوڵ ڕۆ جیاوازە لە ستراتیجییەکەی جونێلا لەو ڕووەوەی کە ستراتیجەکەی پاوڵ ڕۆ هەنگاوێکی لە پێشترەو دەکرێت بە هەنگاوی پیشمەرج وەسفبکرێت بۆ بەدیهێنان و پیادەکردنی ستراتیجیە فرە کولتوورییەکەی جونێلا. بەمانایەکی تر، جونێلا هەنگاوێک بازیداوە بەسەر ستراتیجییەکەی پاوڵ ڕۆدا کە مەرجی لە پێشینەیە بۆ پیادەکردنی سیاسەتی فرە کولتووری. وردتر، بەبۆچوونی پاوڵ ڕۆ ناکرێت ئێمە بیرلەوە بکەینەوە کە گرووپە نەژادی و نەتەوەییەکانی نێوخۆی دەوڵەتێک گوتاری دژ بە یەکتری بەکارنەهێنن، ئەگەر بێت و پێشوەختە ئەو پەیوەندییانە ئیدارە نەدرێن، سەرەتا دەبێت ئیدارە بدرێن دواتر دەبێت بیرلەوە بکرێتەوە کە ئەم گرووپانە گوتارەکانیان بەشێوەیەک ڕێکبخەنەوە کە یەکتری نەخەنە دەرەوەی کۆمەڵگەی سیاسی. هەروەک پاوڵ ڕۆ خۆی دەڵێت: « سەرەتا ئیدارەدان (فیدراڵیزمی فرە کولتووری)، دواتر دووبارە بونیاتنانەوە (فرەکولتووری)(١٧).

## دەرەنجام

لایەنگرانی تیۆری قوتابخانەی کۆپنهاگن پێیانوایە پرۆسەی بە ئەمنیکردن پرۆسەیەکی نەرێنییە لەو ڕووەوەی دژی بنەماکانی دیموکراسییە، بەم هۆیەوە پێشنیاری ئاساییکردنەوەی پرسە بە ئەمنیکراوەکان دەکەن، پێیانوایە دەبێت پرسەکان لە چوارچێوەی ڕۆتینیانی سیاسەتی ئاساییدا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت نەک لەچوارچێوەی ئاسایشدا. بەڵام، لایەنگرانی قوتابخانەی کۆپنهاگن نەیانتوانییەوە چوارچێوەیەکی ڕوون و دیاریکراو پێشکەش بکەن لەسەر ئەوەی چۆن و بەچ میکانیزمێک دەکرێت پرسەکان ئاسایی بکرێنەوە. بۆ نموونە، قوتابخانەی کۆپنهاگن چوارچێوەیەکی ڕوونی نییە لەسەر ئەوەی چۆن و بەچ ستراتیجییەک دەکرێت پرسی کۆچبەر لە مەترسییەکی ئەمنییەوە بگۆڕدرێت بۆ پرسێکی

ئاسـایی؟ بـەم هۆیـەوە، هیوسـمانس چوارچێوەیەکـی تیـۆری دارشـت بـۆ وڵامدانـەوەی ئـەو پرسـیارە. بـەڵام، هـەروەک پـاوڵ ڕۆ دەڵێـت، سـتراتیجییەکەی هیوسـمانس ناتوانرێـت پیادەبکرێـت بەسـەر کەمینەکانـدا، لەبەرئـەوەی ئەگـەر هەمـان سـتراتیجی کۆچبـەر بەسـەر کەمینەکانـدا پیادەبکرێـت، دواجـار کەمینـە «ناسـنامەکە»ی لەدەسـتدەدات، ئـەوەی کـە کەمینـە لەڕێگەیـەوە گوزارشـت لەخـۆی دەکات. بـەم هۆیـەوە، پـاوڵ ڕۆ پێیوایـە ناکرێـت ناسـنامەی کەمینـە بەتـەواوی بـە نائەمنیکرێـت، بەڵکـو تەنهـا دەکرێـت ئیـدارە بدرێـت. ئەمـەش لـە چوارچێـوەی سیسـتمێکی فیدراڵـی فـرە کولتووریـدا بەدیدێـت. بەپێچەوانـەی پـاوڵ ڕۆوە، جوتێـلا پێیوایـە دەکرێـت ناسـنامەی کەمینـەکان بەتەواوەتـی بـە نائەمنـی بکرێـت لەڕێگـەی پیادەکردنـی سیسـتمی فـرە کولتوورییـەوە، کـە هـەردوولا (کەمینـەو زۆرینـە) دەتوانـن گوزارشـت لەخۆیـان بکـەن بەبـێ ئـەوەی ببنـە سـەرچاوەی مەترسـی بۆسـەر یەکتـری. پـاوڵ ڕۆ، نکوڵـی لەگرنگـی فرەکولتووریـی نـاکات بـۆ ئاسـاییکردنەوەی پەیوەندییـە بـە ئەمنیکراوەکانـی نێـوان زۆرینـەو کەمینـە، بـەڵام پێیوایـە پیادەکردنـی سیسـتمی فرەکولتـووری تەنهـا لەچوارچێـوەی سیسـتمی فیدراڵیـدا دەبێـت، کاتێـک بەدیدێـت کـە پایەکانـی سیسـتمی فیدراڵـی بچەسـپێت.

## سەرچاوەکان


1. Buzan, B., Wæver, O., Wæver, O., & De Wilde, J. (1998). Security: A new framework for analysis. Lynne Rienner Publishers.

2. Waever O (1995) Securitization and desecuritization. In: Lipschultz R (ed.) On Security. New York: Columbia University Press, 46–86.

3. Donnelly, F. (2017). In the name of (de) securitization: Speaking security to protect migrants, refugees and internally displaced persons? . International Review of the Red Cross, 99(904), 241261–.

4. Roe, P. (2012). Is securitization a 'negative'concept? Revisiting the normative debate over normal versus extraordinary politics. Security Dialogue, 43(3), 249266–.

5. Wæver, O. (2000). The EU as a security actor: reflections from a pessimistic constructivist on postsovereign security orders. In Kelstrup, Morten, Williams, Michael C , International relations theory and the politics of European integration (pp. 250294–). Routledge.

6. Floyd, R. (2007). Towards a consequentialist evaluation of security: bringing together the Copenhagen and the Welsh Schools of security studies. Review of International Studies, 327–350.

7. Aradau, C. (2004). Security and the democratic scene: Desecuritization and emancipation. Journal of International Relations and Development, 7(4), 388413–.

8. Roe, P. (2012). Is securitization a 'negative'concept? Revisiting the normative debate over normal versus extraordinary politics. Security Dialogue, 43(3), 249266–.

9. Wæver, O. (2000). The EU as a security actor: reflections from a pessimistic constructivist on postsovereign security orders. In Kelstrup, Morten, Williams, Michael C , International relations theory and the politics of European integration (pp. 250294–). Routledge.

10. Huysmans, Jef, 1995. ‹Migrants as a Security Problem: Dangers of «Securitizing» Societal Issues›, in Robert Miles & Dietrich Thranhardt, eds, Migration and European Integration: The Dynamics of Inclusion and Exclusion. 6568–

11. Roe, P. (2004). Securitization and minority rights: Conditions of desecuritization. Security dialogue, 35(3), 279294–.

12. Wæver, O., B. Buzan, M. Kelstrup, and P. Lemaitre. (1993). Identity, Migration and the New Security Agenda in Europe. London: Pinter Publishers

13. Roe, P. (2004). Securitization and minority rights: Conditions of desecuritization. Security dialogue, 35(3), 279294–.

14. Kymlicka, Will, 2002. ‹Multiculturalism and Minority Rights: West and East›, Journal on Ethnopolitics and Minority Issues in Europe 4:1–

15. Roe, P. (2004). Securitization and minority rights: Conditions of desecuritization. Security dialogue, 35(3), 279294–.

16. Jutila, M. (2006). Desecuritizing minority rights: Against determinism. Security dialogue, 37(2), 167185–.

17. Roe, P. (2006). Reconstructing identities or managing minorities? Desecuritizing minority rights: A response to Jutila. Security Dialogue, 37(3), 425438–.

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەنـدی کوردسـتان بـۆ توێژینـەوە لـە ململانـێ و قەیرانـەکان ناوەندێکـی قازانـج نەویسـتی سـەربەخۆیە، کاردەکات بـۆ ئەنجامـدان و پشـتگیریکردن و هاندانـی توێژینـەوەو پێشکەشـکردنی بـە ڕای گشـتی، هەروەهـا وەرگێڕانـی کتێـب و نوێتریـن توێژینـەوە جیهانییـەکان بـۆ سـەر زمانـی کـوردی و دەوڵەمەندکردنـی لیتریچـەی کـوردی لەبوارەکانـی سیاسـەت و دیراسـاتی ئاینـدە، بـە مەبەسـتی دۆزینـەوەی چارەسـەر بـۆ گرفتـە سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئەمنییـەکان، ئاگادارکردنـەوەی دەسـتەبژێری سیاسـیی کـورد لـەو هەڕەشـانەی کـە ڕووبـەڕووی کوردسـتان و ناوچەکـە دەبنـەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS